# بەش: سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی

## کۆلێژ: زانستە سیاسییەکان

## زانکۆ: سەلاحەدین _ هەولێر

# بابەت : ڕێبازی توێژینەوەی زانستی لە زانستە سیاسییەکان

## قۆناغی : سێیەم

## مامۆستا : د. جەلیل عەباس نادر

## ساڵی خوێندن : ٢٠٢٣ -٢٠٢٤

# پەرتووكی كۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی كۆرس | ڕێبازی توێژینەوەی زانستی |
| ٢- ناوی مامۆستا | د. جەلیل عەباس نادر |
| ٣- بەش / كۆلێژ | زانستە سیاسییەكان |
| ٤- پەیوەندی | Jalil.nader@su.edu.krd<br>0750 3232032 |
| ٥- یەكەی خوێندن بە نووسین لە هەفتەیەكدا | شەش كاتژمێر |
| ٦- ژمارەی كاركردن | سێ ڕۆژ لە هەفتە بۆ وانە وتنەوە و توێژینەوەی دەرچوون |
| ٧- كۆدی كۆرس | |
| ٨ – پرۆفایلی مامۆستا | بكالوریوس لە زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی تهران<br><br>ماستەر لە زانیاری ناوچەیی ( بەشی یەكێتی ئەوروپا ) لە زانكۆی عەلامە تەباتەبایی تهران<br><br>دكتۆرا لە جوگرافیای سیاسی لە زانكۆی تهران<br><br>وانە بیژ لە وانەكانی :<br><br>ڕێبازی توێژینەوەی زانستی ، مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان ، ستراتیژی ، یەكێتی ئەورووپا ، سیاسەتی گشتی ، بەڕێوەبردنی قەیرانە نێودەوڵەتییەكان . |

٩- ناوەڕۆکی گشتی کۆرس :

زانستی مرۆڤ بەرهەمی ئەو هەوڵە زانستییانەیە کە بە درێژایی سەدەکانی پێشتر روویان داوە و لە رێگەی گواستنەوەی بۆ جیلەکانی دواتر و فراوانکردن و گەشەپێدانی بە شێوەی ئێستای لێهاتووە . سەرچاوەی دروست بوونی زانست بۆ چەند هۆکارێك وەکو فیترەتی مرۆڤ و دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیانی دەگەڕێتەوە ئەم هۆکارانە بە شێوەیەکی بەردەوام وەکۆ داینەمۆ و بزوێنەری بەدەستهێنانی زانیارییەکانی مرۆڤ ئیشیان کردووە . دەتوانین بڵیین پێشکەوتنی زانستەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم،یەکسانە بە *هەموو سەردەمەکانی* پیشتر.ئەم پیشکەوتنە لەجیهانی رۆژئاوا بە کەلك وەرگرتن لەتویژینەوەی زانستی بووە.

ئاشکرایە کە گرنگی و بایەخی چالاکی توێژینەوەی زانستی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبێت و بووە بە سیمای وڵاتانی پێشکەوتوو و دەبینین کە ئەم وڵاتانە رێژەیەکی بەرچاو لە داهات و بودجەکەیان بۆئەنجامدانی چالاکی توێژینەوەی زانستی تەرخان دەکەن.

مروڤ لەبەرپێویستی بەوەڵامدانەوەی پرسیارەکانی وتێگەیشتن لەلایەنەشاراوەکانی جیهان،هەروەهابەجێهێنانی پێداویستیەکانی ناچاربووەکەزۆرتربزانێت وگەشەبەزانیاریەکانی بدات هەر بۆئەم مەبەستەهەندێك کەرەستەومیتۆدی لێکۆلینەوەی دروست کردوە،کە واتەمامۆستایان،توێژەران وئەو قوتابیانەیکە خوازیاری فێربوونن و دەیانەوێت ئاستی زانستی مروڤایەتی بەرز بکەنەوەپێویستیان بە شارەزایی لە شێوازومیتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی هەیە.

١٠ – گرنگی ئەم بابەتە – پەرتووکی کۆرس – :

توێژینەوە فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی زانست، زانیاری و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکان ؛ کە واتا دەتوانین بڵێین قەبارەی ئەو توێژینەوانە لە هەر

کۆمەڵگەیەك ئەنجام دراوە یەکێك لە پێوەرەکانە بۆ نیشاندانی گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگەیە .

ئامانجی توێژینەوە ، دۆزینەوە و پەرەپێدان بە زانست و زانیارییە . لە رێگەی توێژینەوە دەتوانرێت بازنەی زانیاریەکان فراوان بکرێت و بازنەیەکی نوێ لە نەزانراوەکان بەرووی مرۆڤایەتی بکرێتەوە و بەم شێوەیە مروڤ هەموو کات بەرەو پێش هەنگاو دەنێت .

ئەنجامدانی توێژینەوە لە ئێستادا یەکێك لە سەرەکی ترین هەنگاوەکانە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان، بە شێوەیەك کە زۆربەی شارەزایان لە بوارە جۆراوجۆرەکان پێیان وایە بە بێ ناسینی گیر و گرفتەکانی کۆمەڵگەو نەبوونی زانیاری لە سەر پێداویستییەکانی ، گەییشتن بە گەشەی ئابووری ئەستەمە . ئاشکرایە کە ناسین و دەستنیشان کردنی و دۆزینەوەی رێگە چارە بۆ کێشەکان تەنها لە رێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەبێت . هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکان لە پێشکەوتنی وولاتانی پێشکەوتوو و پیشەسازی ئاوڕدانەوە و گرنگی دانە بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و چینی توێژەران، لە بەر ئەوەی ئەم وولاتانە دەزانن کە ئاییندەیەکی درەوشاوە پەیوەندییەکی تەواوی هەیە بە ئەنجامدانی توێژینەوە لە ئێستادا ، هەر لە بەر ئەمەیە کە بوودجە و سەرمایەیەکی زەبەلاح بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە تەرخان دەکەن .

١١ - ئامانجەکانی کۆرس :

دەتوانین ئامانجەکان لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١-قوتابی شارەزایی پێویست بە دەست بێنێت بۆئەنجامدانی توێژینەوەی دەرچوون و توێژینەوەی زانستی و ئامادەکردنی نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا

٢-بە دەستهێنانی شارەزایی پێویست بۆ ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە (چ حکومی یان لە لایەن کەرتی تایبەت بێت)کە پێویستیان بە توێژینەوە هەیە.کە واتە شارەزایی لە توێژینەوەی زانستی دەرفەتێکی باشە بۆ کارکردن کە داهاتێکی باشیشی هەیە.

٣-قوتابی بە گرتنەبەری پێوەرە زانستیەکان،وڵامی پرسیارەکان و کێشەکان دەدۆزێتەوە و

| |
|---|
| بـەم شـێوەیە ڕۆڵێکـی دەبێـت لـە پرۆسـەی پەرەپێـدانی ئاسـتی زانیـاری و چوارچـێوەی مەعریفەی مرۆڤایەتی. |
| **١٢ – ئەرکەکانی قوتابی :**<br>هەوڵ دەدرێت بەپرسیاریەتی دروست بکرێت بۆ قوتـابی لـە ڕێگـەی ئامـادەبون، بەشـداری پێکردنیـان لـە ڕێگـەی وەڵامدانـەوە بـە پرسـیارەکان ، ورووژانـدنی پرسـیار و ئامـادەکردنی وەڵامەکان بە شێوەی نووسراو ، هاندانیان بۆ خوێندنەوە و ئەنجامدانی سمینارو هتد . |
| **١٣ – چۆنییەتی وانە وتنەوە :**<br>سود وەرگرتن لە گوگڵ کلاس رووم ، وایـت بـۆرد ، گوڤـارە زانسـتییەکان ، نووسـینەوە لـە سەر پۆل و هەموو ئەو ڕێگایانە کە یارمەتیـدەر دەبـن بـۆ ئـەوەی کـە وانەکـە بـە باشـی بـە قوتابیان بگات . |
| **١٤ – سیستەمی هەڵسەنگاندن :**<br>بەم شێوازانە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان دەکرێت :<br>لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی مانگانە<br>پرسیار و وەڵامی ناو پۆل<br>ئەو بابەتانەی بە تیۆری خوێندراوە قوتابیان خۆیان بە پراکتیکی لە سـەر سـەبوورە ئەنجـامی دەدەن .<br>ڕاپۆرت و سمینار کردن<br>لە ڕێگەی کوێز<br>ئامادە بوون و نەبوونی قوتابیان لە ناو پۆل<br>بۆ نموونە :<br>٣٠ نمرە لە سەر دوو تاقیکردنەوەی ١٥ نمرەیی دەبێت کـە لـە کۆتـایی کۆرسـەکانی خوێنـدن ئەنجام دەدرێت. |

| |
|---|
| ٦٠ نمره بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی سال دەبێت . |
| **١٥ – دەرەنجامەکانی فێربوون :**<br>ئامانجی سەرەکی ئەم وانەیە ئەمەیە کە قوتابیان لە قۆناغی چوارەم بتوانن شارەزایی پێویستیان هەبێت بۆ نووسینەوەی توێژینەوەی دەرچوون ، ئامانجی دوورتریش ئەوەیە کە بتوانن لە قۆناغەکانی ماستەر و دکتۆرا نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرایان بە باشی و لە چوارچێوەیەکی زانستی بنووسن ، هەروەها لە نووسینی توێژینەوەی زانستی بۆ گۆڤارە زانستییەکان سوود لەم وانەیە وەردەگیرێت بە شێوەیەك کە قوتابیان بە گرتنە بەری پێوەرە زانستییەکان دەتوانن وەڵامی کێشە و نەزانراوەکان بدۆزنەوە و ڕێگە چارەی پێویست بۆ کێشەکان بخەنە ڕوو. |

**١٦ – لیستی سەرچاوەکان :**

بە ڕاستی یەکێك لە گەورەترین و بەرچاوترین کێشەکانی ئەمڕۆی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نەبوونی سەرچاوەیە بە زمانی کوردی.لە لایەکی دیکەوە زۆربەی قوتابیان لە هیچ زمانێکی دیکە جگە لە زمانی کوردی شارەزاییان نییە. ئەمانە وایان کردوە کە قوتابیان پشت بە مامۆستا ببە ستن.

نەبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی ناچاری کردین کە ڕوو لە زمانەکانی دیکە بکەین بۆئەم مەبەستە کتێبی ((مقدمەای بر روش تحقیق در علوم انسانی))نووسینی دکتۆرمحمد ڕەزا حافز نیا وەکو سەرچاوەی سەرەکی بە کار دێنین.سەرچاوەکانی دیکەیش بریتین لە:

١- محمد رضا حافظ نیا ، **مقدمه** ای بر روش تحقیق در علوم انسانی ، تهران : سمت ، ١٤٠٠ .

٢- علی اکبر فرهنگی ، حسین صفرزاده روشهای تحقیق در علوم انسانی با نگرشی بر پایان نامه نویسی ، ( تهران : پویش ، ١٤٠٠) .

٣- د. ابوالقاسم تاهری ، روش تحقیق در علوم سیاسی ، تالیف: ( تهران : قومس، ١٣٩٩).

٤- د. محمود سریع القلم ، روش تحقیق در علوم سیاسی و روابگ بین الملل ، نشر

فرزان روز ، ۱۴۰۰ .

٥- دكـتر سـياوش خليلـى شـورينى ، روشـهاى تحقيـق درعلـوم انسـانى، (تهران،يـادواره كتاب،١٣٩٣)

٦- دكتر عزت الله نادرى و دكتر مريم سيف نراقى ، روشهاى تحقيق و چگونگى ارزشيابى أن درعلوم انسانى، (تهران،ارسباران، ١٣٩٩)

٧- روش و پژوهش در روابگ بين الملل:دوره كارشناسى ارشد،دكترقاسم افتخارى،دانشكده حقوق و علوم سياسى دانشگاه تهران،١٣٨٨

٨- خليل ميرزايى ، شيوه عملى مقاله نويسى ، ( تهران : جامعه شناسان ، ١٣٩٣).

٩- د. سەردار عوسمان باداوايى و م. عامر عەبدوللا شێخانى ، ڕێگاكانى توێژينەوەى زانستى ، ( هەولێر : هێڤى ، ٢٠١٤ ).

١٠- سەلاحەددين ئەلهەوارى ، بنەماكانى لێكۆڵينەوەى زانستى، وەرگێڕانى عباس محمد امين (هەولێر : نارين، ٢٠١٥ ).

١١- الدكتور مصگفى عبدالله ابوالقاسم ، مناهج و اساليب البحپ السياسى، (بنغازى،دار الكتب الوگنيه،٢٠٠٢)

١٢- منهج البحپ العلمى فى علم السياسه ، محمد جمال الدين العلوى ، كليه العلوم السياسيه جامعه الموصل، ٢٠١٢.

13- A Gentile Guide to Research Methods,Gordon Rugg and marian petre(Poland,mc Graw hill,2007)

14- How to write a Thesis,2nd ed,Rowena Murray(Poland,oz Great S.A.,2006)

15- The Academic Essay:How to plan,draft,write and revise,Dr Derek soles(Great Britain,The Baslcerville press Ltd.2005).

**١٧- ناوی بابەتەکان :**

| ناوی بابەتەکان | ناوی مامۆستا |
|---|---|
| پێشەکیەک لە سەر بابەتەکان | **د. جەلیل عەباس نادر**<br><br>**تێبینی :**<br>**بە پێی ساڵنامەی زانکۆ و رۆژانی پشو لەهەرێمی کوردستان خشتەی کاتی وانەکان دگۆردرێت و جێگیر نییە لە بەر ئەمە کاتی وانەی هەفتانە دەگۆڕدرێت .** |
| چۆنیەتی وەرگرتنی سەرچاوە | |
| چۆنیەت کۆکردنەوەی سەرچاوەکان | |
| شێوازی کتێبخانەیی | |
| جۆرەکانی سەرچاوە لە شێوازی کتێبخانەیی | |
| جۆرەکانی کتێبخانە و مەرجەکانی بە ئەندامبوون لە کتێبخانە | |
| شێوازی مەیدانی | |
| شێوازی راپرسی | |
| چۆنیەتی درووست کردنی فۆرمی راپرسی | |
| لایەنەکانی جێبەجێکردنی راپرسی | |
| دابەشکردنی فۆرمی راپرسی | |
| شێوازی چاوپێکەوتن | |
| لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی چاوپێکەوتن | |
| شێوازی بینین | |
| جۆرەکانی بینین | |
| ئایندە ناسی و سیناریۆسازی | |
| گفتوگۆکردنی توێژینەوەی دەرچوون | |
| ئەو خاڵانەی کە دەبێت لە گاتی گفتوگۆی توێژینەوە رەچاو بکرێن. | |

**١٨- بابەتی پراکتیکی :**

**بابەتــە پراکتیکیــەکان خۆیــان لــە گفتگــۆ و سمینــار و راپــۆرتی قوتابیــان و وەڵامــی ئــەو پرسیارانە دەبیننەوە کە لە کاتی وانە وتنەوە دەخرێنە روو.**

**١٩ – نموونەی پرسیار و وەڵام :**

***پرسیار:***

***باسی لایەنە ئەرێنیەکانی شێوازی بینین بکە؟***

***وەڵام :***

١- لەبەر ئەوەی توێژەر لەناو ژینگەی توێژینەوکە دایە و پەیوەندیەکی راستەوخۆ لە رێگەی بینین و بیستن دروست دەکات ئەو زانیاریانەی کە کۆ دەکرێنەوە راست و وردن ، لەبەر ئەمە ئەم شێوازە یەکێکە لە باشترین شێوازەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری .

٢- قەبارەی ئەو زانیاریانە کە لە ژینگە و تاک و کەسەکان کۆ دەکرێتەوە، فراوانە ، بەتایبەت ئەگەر لە رێگەی ئامێرەکانی چاودێری کۆبکرێنەوە.

٣- ئەم شێوازە بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن باسی بارودۆخی خۆیان بکەن شێوازێکی گونجاوە وەکو منداڵان ، ئەوانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە و هتد.

٤- ئەم شێوازە دەکرێت وەکو شێوازی کۆنترۆڵ بۆ شێوازەکانی دیکە کە پێشتر باسمان کرد بەکاربێت .

٥- دەرفەتی کۆکردنەوەی زانیاری راست و تێگەییشتنی راستەوخۆ لە رەفتارو رووداوەکان لەم رێگەیە زۆرترە ، چونکە تاکەکان لەوانەیە لەکاتی وتوویژ بابەتێک بشارنەوە بەڵام ئەگەر بینین بە شێوەی ئاسایی و دروست ئەنجام بدرێت راستییەکان ون نابن و هەڵسوکەوت و رووداوەکان وەکو خۆی بۆ توێژەر دەردەکەوێت .

٦- کێشەی کلتوری و زمانی کەمتر کاریگەری لە سەر ئەنجامدانی شێوازی بینین دەکات ، بۆ نموونە هەندێک زانیاری کە ناکرێت لە رێگەی زمان بە دەست بێت لە رێگەی بینین بەدەست دێت .